# سەربەخۆیی ئابووریی، ئافرەت لە هەڵاواردن و جیاکاری دەپارێزێت

ئافرەتان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی شانبەشانی پیاوان کاریان کردووە، بەڵام وەک پێویست خاوەن ئابووریی سەربەخۆ نەبوون، ئەوە لە حاڵێکدا کە زانستی سەردەم سەلماندوویەتی کارکردنی خانمان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر گۆڕینی ڕەوتی کۆمەڵگە بەگشتی دەبێت و تەکانێک بە پێشوەچوونی خەباتی یەکسانی لە ئەرک و ماف و داهاتی خودی خانمان دەدات، ئەگەرچی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ئافرەتان هاوشێوەی پیاوان لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن و خاوەن داهاتی خۆیانن، بەڵام هێشتا بە ڕێژەی جیاواز لە زۆر وڵاتدا (بە کوردستانیشەوە) ڕێگری لە کاری ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەکرێت. هاوکات پرسیاری ئەوە دەکرێت ئایا سەربەخۆبوونی ئافرەت لە ڕووی ئابوورییەوە تا چەند لە هەڵاواردن و جیاکاری دەیپارێزێت و مافی بۆ دەگەڕێنێتەوە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی






«کە هاوسەرگیریمان کرد هێشتا دانەمەزرابووم و نەبووبوومە خاوەن مووچەی خۆم، بەڵکو هاوسەرم رۆژانە خەرجی خۆم و دوو منداڵەکانمانی بۆ جێدەهێشتم، ئەگەرچی وەزعی ماددیشی زۆر باش بوو، بەڵام رەزیل بوو، هەمیشە بەسەرمدا دەیبۆڵاند و دەیگوت: ئەو هەموو پارەیە چی لێ دەکەی؟ دوای سێ ساڵ سوپاس بۆ خوا دامەزرام، لەو کاتەوە دامەزراوم بە تەواوی حەساومەتەوە و لە پرتە و بۆڵەی هاوسەرەکەم رزگارم بووە، لەبەر ئەوەی وێڕای خەرجیی خۆم، خەرجی منداڵەکانیشم دابین دەکەم و هاوکاری هاوسەرەکەشم دەکەم، راستە ماندووم و کاری ناوماڵ و کاری دەرەوەش دەکەم، بەڵام دڵم بە داهاتەکەم خۆشە و بە دڵی خۆم بازاڕ دەکەم و خێر و چاکەش بە پارەکەم دەکەم.» ئەوە قسەی بەناز سیروان بوو، وەك خۆی باسی کرد لە دادگای هەولێر فەرمانبەرە و هەر لە بارەی سەربەخۆیی ئابووریی خانمانیشەوە دەڵێت: «سەربەخۆیی دارایی بۆ ئافرەت زۆر گرنگە، ئەو دەستکەوتە داراییە کە لە رێگای توانا و کارکردنی خۆیەوە بەدەستی دەهێنێت، جێگای شانازی و سەربەرزییە بۆی و توانا و کەسایەتیشی نیشان دەدات، زۆریش لەوە خۆشترە کە هەمیشە چاوی لە دەستی باوك و برا، یان تەنانەت هاوسەرەکەشی بێت.»

ئابووریناس هۆشمەند رەفیق، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە جیهانی ئەمرۆدا، لەگەڵ ئەوەی ئافرەتان بەراورد بە رابردوو چاوکراوەتر بوونەتەوە و ئاشنایەتی زۆریان پەیدا کردووە لەسەر مافەکانیان، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە زانیاریی باشیان پەیدا کردووەە لەسەر مافە ئابوورییەکانیان، بە هۆی ئەوەی تێگەیشتوون لەوەی پێشێلکردنی مافە ئابوورییەکانیان، بۆتە هۆکاری ئەوەی مافەکانی دیکەیان لێ زەوت بکرێت، بۆیە لە ئێستادا خەبات دەکەن بۆ بە دەستهێنانی مافە ئابوورییەکانیان، ئا لەو روانگەوە ئافرەتی ژیر هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆ بێت، تا بتوانێت لەو رێگەوە پێداویستییەکانی بە سەربەخۆیی دابین بکات، بەبێ ئەوەی داوا لە باوك، برا یان هاوسەری بکات بۆ ئەوەی خەرجی مانگانەی بکات، کە زۆرینەی کێشەکانی هاوسەران و خانەوادەکان بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام بە سەربەخۆبوونی سەرچاوەی داهاتی ئافرەت ئەمە کەمتر دەبێتەوە، بێگومان ئەو سەربەخۆبوونەش مانای ئەوەیە کە ئافرەت کار دەکات لە دەرەوە چ لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت یا دامودەزگاکانی حکومەت.» هاوکات دەڵێت: «سەربەخۆنەبوونی ئافرەت لە بواری ئابووریدا، خۆی سەرەکیترین و بەهێزترین و کاریگەرترین هەنگاوی توندوتیژی نواندنە دژ بە ئافرەت، واتە سەربەخۆیی ئابووری بۆ ئافرەت خاڵی وەرچەرخانە لە دووركەوتنەوە لە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان مسۆگەر دەکات، چونکە ئافرەتان لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی سەربەخۆ، پشت ئەستوورتر دەبن لە دەنگ هەڵبڕینی دژ بە توندوتیژی بەرامبەریان و رازینەبوون بەو دۆخە خراپەی تێی دەکەون، بە جورێك لە هەر دۆخێکدا توندوتژییان بەرامبەر بکرێت، ئەو دۆخە قبووڵ ناکەن و خۆیان دەتوانن لە رێگەی سەرچاوەی دارایی سەربەخۆوە بەڕێوەبەرن.»

ئاواز شێرزاد بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - ناوەندی سیدەکان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «یەکێك لە مەرجەکانی فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی، بوونی ئابوورییەکی سەربەخۆیە و بەتایبەت بۆ رەگەزی مێیینە کە تا رادەیەکی باش دەبێتە رێگر لەبەردەم پێشێلکردنی مافەکانی، سەرچاوەکانی ئابووریی سەربەخۆش زۆرن، بەڵام کەمتر بۆ ئافرەت هەڵکەوتووە، ئەمەش بە هۆی بێ متمانەیی بە تواناکانی خۆیان و گرینگی نەدان بە خوێندن و هونەر و بەهرەی خۆیان بووە، بۆیە من وەکو تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە و وەك و ئافرەتێك پێم وایە هەموو هاوڕەگەزەکانم پێویستیان بەوەیە ئابوورییەکی سەربەخۆیان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن بە دەستی زێڕینی خۆیان داهاتوویەکی جوان و ژیانێکی شایستە دابین بکەن بۆ خۆیان و نەبنە بار بەر سەر خانەوادەرو خێزانیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەتوانن لە چوارچێوەی ئەو داهاتەی هەیانە ئەدای کارکردن فراوانتر بکەن و ببنە خاوەن پرۆژە و هەلی کار بۆ کەسانی دیکەش بڕەخسێنن، ئەمەش تەنیا بەوە دەکرێت کە متمانەیەکی تەواویان بە توانا و بەهرەی خۆیان هەبێت و گوێ بە تانە و تەشەری کۆمەڵگە نەدەن.»



**راستە ماندووم و کاری ناوماڵ و کاری دەرەوەش دەکەم، بەڵام دڵم بە داهاتەکەم خۆشە و بە دڵی خۆم بازاڕ دەکەم و خێر و چاکەش بە پارەکەم دەکەم**

**کارکردن توانا و کەسایەتیی ئافرەت نیشان دەدات، زۆریش لەوە باشترە کە هەمیشە چاوی لە دەستی باوك و برا، یان تەنانەت هاوسەرەکەی بێت**

**پێشێلکردنی مافە ئابوورییەکانیان ئافرەتان بۆتە هۆکاری ئەوەی مافەکانی دیکەشیان لێ زەوت بکرێت**

**ئافرەتی ژیر هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆ بێت، تا بتوانێت لەو رێگەوە پێداویستییەکانی بە سەربەخۆیی دابین بکات**



# منداڵانی سەر شەقام چاوەڕوانی فریادڕەسێکن

## مێرمنداڵێکی بۆیاخچی: پێڵاوەکانت وەک ناخی خۆم پاک و وەک چارەنووسم ڕەش دەکەم

ئەگەرچی لە کۆڕبەندە جیهانی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانو دەستوورو یاسا ناوخۆیی و هەرێمییەکانیش بەدەقی نووسراو، مافەکانی منداڵ دیاریکراون، بەڵام هێشتا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا (بە کوردستانیشەوە) نەتوانراوە کارکردنی منداڵ لەسەر شەقام و لەناو کارگەکان و دابڕانی لە خوێندن کۆنترۆڵ بکرێ، کارەساتی گەورەش ئەوەیە ژمارەی ئەو منداڵ و مێرمنداڵانەش کەم نییەکە بە خواستی خۆیان سواڵ دەکەن، یان بە زۆرەملێ دەرۆزەیان پێ دەکەن، هەر بۆیە چالاکانی مەدەنی و پارێزەرانی مافەکانی منداڵان بە پێویستی دەزانن، یاسای کارکردن پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەک کارکردن بە منداڵ و سواڵکردنی منداڵان قەدەغە بکرێت.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

لە ناو جەرگەی بازاڕی پایتەختدا لەسەر چواربەنێکی گچکۆکە دانیشتووە و قەفەسەیەکی دارینی لەبەر دەمیدا داناوە و چەندین جووت پێڵاوی بەقوڕ و خۆڵاوی ڕیز کردووە، یەك یەك پاکیان دەکاتەوە و و بە پەنجە خنجیلانەکانی بۆیاخیان تێ دەسووێ و زیاتر بریقەداریان دەکات، پەیتا پەیتاش بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات: «پێڵاوەکانت وەك ناخی خۆم پاك دەکەمەوە.» ئەوە دیمەنی مێرمنداڵێکی بەرکارە لە سەر شەقام کە خۆی بە سەعید دەناسێنێت و وەك باسیکرد، تەمەنی ١٥ ساڵانە و ماوەی چوار ساڵیشە، چوار وەرزە (بە گەرمای هاوین و سەرمای زستانەوە) لەسەر شەقام کاری بۆیاخی پێڵاو دەکات.

کاتێك پەیامنێری گوڵان داوای لێ دەکات، گەپێکی دۆستانەیان هەبێت، بە ڕوویەکی کراوە و بە بزەیەکەوە کە نیشانەی ڕازیبوونە، دەڵێت: فەرموو. مۆڵەتی ئەوەش دەدات کە وتەکانی بڵاو بکرێتەوە.

سەعید لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن و بۆچی «پێڵاوەکانت وەك ناخی خۆم پاك دەکەمەوە»، کردووەتە دروشم و بە دەنگی بەرز دەیڵێتەوە؟ گوتی: «ئەوە برادەرێکم فێری کردم، هەمیشە پێڵاوەکانی لای من بۆیاخ دەکات، ئەو کەسێکی ڕۆشنبیرە، زۆر سوپاسی دەکەم، لەو کاتەوە داهاتم زۆر باشتر بووە، ڕۆژی وا هەیە پەنجا هەزار دینارم دەست دەکەوێت، ئینجا کار عەیب نییە، ئێمەش کە کار دەکەین، بۆ ئەوەیە موحتاجی کەس نەبین، بۆیە ناخمان پاکە و پارەی حەڵاڵ دەبەینەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لە ڕاستیدا پێڵاوەکان وەك چارەنووسی خۆمان ڕەش دەکەین.» وەڵامەکەی ئەو مێرمنداڵە زیت و وریایە ناخی هەر مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەهەژێنێت.

سەعید تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە و وەك خۆی پێداگری لە سەر دەکات، زۆریش زیرەك بووە، بەڵام «بەناچاری» وازی لە خوێندن هێناوە، بۆ ئەوەی داهاتێك بۆ بژێویی خانەوادەکەی دابین بکات. بەسەرهاتی خۆیشی بەمجۆرە باس کرد: «برا گەورەکەم کە لە من خوشکەکانم گەورەتر بوو، بە نەخۆشییەکی کتوپڕ جوانەمەرگ بوو، تا ئەو مابوو، ژیانمان عەیبی نەبوو، من لە ماڵەوە پێڵاوەکانی خۆم و باوکم و براکەشم بۆیاخ دەکرد، بەڵام دوای مردنی برام بە جارێك ژیانمان شێوا. باوکم برە پارەیەکی خانەنشینی هەیە، بەڵام زۆر کەمە و تەنیا بەشی کرێ خانووەکەمان دەکات، زۆر حاڵمان خراپ بوو، تەنانەت زۆر جار زاواکانم خواردەمەنییان بۆ دەهێناین، منیش تەمەنم تازە ببوو بە ١١ ساڵان، باوکم کە مووچەی وەرگرت، وتم: هەندێ پارەم بدەرێ، کرێی خانووەکە دوا بخە، لە چەند ڕۆژدا پارەکە دەگەڕێنمەوە، بەو پارەیە هەندێ بۆیاخ و نەعل و فڵچە دەکڕم و بۆیاخی پێڵاو دەکەم، سەرەتا باوکم زۆر تووڕە بوو، وتی: تۆ هێشتا منداڵی، منیش وتم: ئەی ئەوە خۆشە ساقەسەری زاوا دەژین؟ هەر چەند هەزار جار ماڵیان ئاوا قسووریان نەکردووە، دوای پاڕانەوەیەکی زۆر باوکم ڕازی کرد، لەو کاتەوە وازم لە خوێندن هێناوە و کاری بۆیاخی پێڵاو دەکەم. ئێستا بە تەواوی شارەزا بوومە و تەنانەت پینە و دروومانی پێڵاویش دەکەم.»

سەعید لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا: دڵت لای قوتابخانە و خوێندن نییە؟ گوتی: «هەموو منداڵێك حەز دەکات لە قوتابخانە بێت و داهاتوویەکی باشی هەبێت. بەڵام هەزاران منداڵ هەن کە ناچارن بۆ یارمەتیدانی خێزانی خۆیان کار بکەن، کارکردنەکەش کێشە نییە، کێشە ئەوەیە کەرامەتی منداڵ بشکێت و سواڵ بکات. یان خێزانەکەی بە خێری خەڵك بژین»

سەعید پێشتر باسی لەوە کرد کە پێڵاوی خەڵك وەك چارەنووسی خۆی ڕەش دەکات، کاتێك لە هۆکارەکەی دەپرسین، بە پرسیارێك وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: «دابڕان لە خوێندن و نەبوونی و هەژاری جگە لە چارەنووسی ڕەش چییە؟»

هاژە کەریم وەك چالاکێکی مەدەنی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە قۆناغی منداڵی بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەیەکێکە لە هەستیارترین و گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی تاك کە داهاتووی ژیانی دەستنیشان دەکات. هاوکات دەڵێت:»یاسا هەمیشە گرنگی بەهەموو مرۆڤێك دەدات، بەجۆرێك هەر مرۆڤێك ئەگەر ئەرکێکی لە ئەستۆدا بێت، کۆمەڵێك مافیشی هەیە. بەڵام منداڵ بە گوێرەی یاسا خاوەن مافە، بەبێ ئەوەی ئەرکی یاسایی لەسەر بێت». گوتیشی: «لە ئێستادا منداڵانی سەرشەقام لە کوردستان زۆرن، زۆریشیان ئەوانەی لە خوێندن دابڕاون و بەناچاری کاری زۆر قورسیش دەکەن، هەر بۆیە زۆر پێویستە یاسای کارکردن پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك کارکردن بە منداڵ و سواڵکردنی منداڵان قەدەغە بکرێت.»

**داهاتم زۆر باشتر بووە و ڕۆژی وا هەیە پەنجا هەزار دینارم دەست دەکەوێت**

**کار دەکەین بۆ ئەوەی موحتاجی کەس نەبین، بۆیە ناخمان پاکە و پارەی حەڵاڵ دەبەینەوە بۆ ماڵەوە**

**براگەورەکەم کە لە من خوشکەکانم گەورەتر بوو، بە نەخۆشییەکی کتوپڕ جوانەمەرگ بوو، تا ئەو مابوو، ژیانمان عەیبی نەبوو**

**هەموو منداڵێک حەز دەکات لە قوتابخانە بێت و داهاتوویەکی باشی هەبێت، بەڵام هەزاران منداڵ هەن کە ناچارن بۆ یارمەتیدانی خێزانی خۆیان کار بکەن**